عراقچی پێش دەستپێکردنی دانوستانەکان لەگەڵ واشنتۆن: دەستبەرداری مافەکانمان نابین و بۆ تووندی بڕگریی لێ دەکەین



پێش دەستپێکردنی دانوستانەکانیان لەگەڵ ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژە بەوە دەکات، دەستبەرداری مافەکانمان نابین و بۆ تووندی بڕگریی لێ دەکەین.

ئەمڕۆ هەینی 6ـی شوباتی 2026، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند: دەستبەرداری مافەکانمان نابین و ئێران بۆ چاوکراوەیی و نیەتێکی باشەوە دانوستان دەکات.

هەروەها ئاماژەی بەوە داوە، پێویستە لایەنەکان پابەندی بنەماکانیان بن و ڕێز لە پابەندبوونەکانیان بگرن، یەکسانی، مەزی دووڵایەنە و بڕژەوەندی هاوبەش تەنها دروشم نین، بەڵکو پێویستین و کۆکەی هەر هێکۆتنێکی بردەوامن.

ئەم لێدوانانەی عەراقچی پێش دەستپێکردنی دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دێت کە بەیارە ئەمڕۆ هەینی لە عوممان بەڕێوەبچێت.

سەشەممە، 3ـی شوباتی 2026، مەسعود پزیشکیان، سەرککۆماری ئێران رایگەیاند، عەباس عراقچی وەزیری دەرەوەی وەتکەی راسپاردووە بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا.

دوایین گۆڕی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئیران لە مانگەکانی نیسان و ئایاری ساڵی ڕابردوو، لەسەر بەرنامەی ئێتۆمی ئێران بوو. پێنج گۆڕی ئەم دانوستانانە لە عومان و ئیتالیا بەڕێوە چوون.

دانوستانەکان بە شەوازی ناڕاستەوخۆی ئاشکرا بوون، بەڵام بە هەڕشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و دەستپێکردنی جەنگی 12 ڕۆژە، شکستی دانوستانەکانیش ڕاگەیاندرا.

هەرچەندە بۆهەی ناکۆکی لەسەر شوێن و شەوازی کۆبوونەوەکە، نزیک بوو گفتوگۆکانی ئێران و ئەمریکا هەبوەشێنەوە، بەڵام بەرپرسانی کەشکی سپی ئاشکرایان کرد کە ڕۆژی هەینی داهاتوو، دانوستانی ئێتۆمی لەگەڵ ئێران لە مەسقەتی پایتەختی عەممان بەڕێوە دەچێت. ئەم بڕیارەش دوای ئەوە هات کە نە وەتی ناوچەکە داوایان لە ئیدارەی ترەمپ کرد پاشکشە لە گفتوگۆکان نەکات.